# شێرەدز

**

کامیل ژیر

ئەم سەردەمە
سەردەمی ویژدانی کزە
بۆ پاکژان
ڕێگە نشێو ،ڕێگە هەوراز
ڕێگە هەمووی تووش و خزە

*

ئەم سەردەمە
کێشە وا لای خامەوەشێن
لای شایەری دەرباری میر
بۆ شاباشێ:
بزنە لاتە ، کارمامزە
مشکەکوێرێ
بەرخۆلەسوورەی چاوبزە

*

ئەم سەردەمە
گەورە ، گەورەی ڕاووڕووتە
ماراسۆنی نادروستی
سەرمایەدار
باوی کەللەی بۆشپۆرخزە

*

ئەم سەردەمە، شێرەشایەر!
هاوڕێ لەگەڵ گەورەگەندەڵ
شێرەدزە !
توف لەو دەمە
لەو سەردەمە
لەو دزانەو چی پاشدزە
هەرچی بێدەنگ،یاسەرکزە